## شەڕی پشتئاشان:
## بەرهەمێک لەو ئەقڵە چەتەگەرییەی حیزبی کوردیی کە ئێستاش حوکمڕانە

ئامادەکردنی: سڤیل: ڕێبوار رەزا چوچانی



ڕێبوار: شەڕی پشتئاشان کارەساتێکە و بەسەر حیزبی شیوعیدا سەپا، لە کوێوە بتوانین باس لەو شەڕە و نەهامەتییەکانی بکەین، چونکە لە ئێستادا حیزبی شیوعی و سەرکردایەتی ئەو حیزبە، خۆیان لە باسکردنی ئەو کێشەدا بەدوور دەگرن؟

هەندرێن: ئەو باسە ئاڵۆزییەکی زۆری تێدایە، بۆیە لە بەرایڕا حەزدەکەم تۆ و خوێنەریش بزانن، کە من وەک دەمڕاستێکی هیچ حیزب و لایەنێک لەسەر ئەو مێژووە خوێناوییەی ڕۆژگاری پێشمەرگایەتیی و پێشهاتێکی هەژندەهێنەری وەک پشتئاشان ناپەیڤم، بەڵکوو تەنیا وەک کەسێکی بە ئاگا دەئاخفم کە لە نزیکەوە زیاتر لە 8 ساڵ لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە و شەڕە بێمانایانە ژیاوم کە ئێستاش، وەک "پۆست تراومایەک" شوێنپێی ئەو ڕۆژگارە شەرگرە لەسەر روح و ئاوەزی مندا ماون. دیارە کارێکی هەڵەیە کە شەڕی پشتئاشان لەوئەقڵە عەنتەربازیی و میلیشاییەی ئەو ڕۆژگارە دەربهاوێژین کە کۆی حیزبەکان هەڵگریی بوون، بە تایبەتیش یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کە پێی وابوو میراتگری شۆڕشی نوێ و خاکی کوردستانە. لێرەوە شەڕی پشتئاشان ڕووداوێکی زەقی ئەو عەقڵە میلیتاریزم و ڕەهاگیرییە بوو کە بزاڤی سیاسیی کورد لە هەشتاکان هەڵگری بوو لەوەش زیاتری بەرهەم نەهێن، بۆیە ئەو عەقڵییەتە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

کاتێک تۆ دەڵێی "سەرکردایەتی ئەو حیزبە خۆیان لە باسکردنی ئەو کێشەیە بە دوور دەگرن"، هەست بە ئازارێکی روحی دەکەم. بەڵێ، ڕەنگە لە ئێستادا باس نەکردنی ئەو کێشەیە لەلایەن حیزبی شیوعییەوە بۆ بوونی ترسێك لە لایەن زۆرینەی سەرکردایەتی بگەڕێتەوە. چونکە ڕەنگە لە باس کردنی ئەو بابەتەدا، ئیهانە بکرێن. هاوکاتیش بەشێکی ئەو بێدەنگییەی سەرکردایەتی ئەمڕۆی شیوعی پەیوەندنی بە مۆراڵی حیزبی شیوعییەوە هەیە، کە دوای دارمانی ویست و ئیرادەی بەشێکی زۆری سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە دوای 1991ەوە هەمیشە بە بیانوی جۆرا و جۆرەوە خۆیان لەو باسە و کۆی شکستەکانیان دەدزنەوە. ڕاستییەکەی لە دوای هەڵبژاردنی 1992 لە کوردستان و پووکانەوەی ئەو سەرکردایەتییە لە ئاستی جەماوەرییەوە، بێجگە لە خۆ هەڵواسین بە پارتیی هیچی تر نییە. بۆیە لای ئەو سەرکردایەتییەوە هەستی بەرپرسیاریی بەرانبەر

ئەو هەموو قوربانیی و خەباتەی خەڵکەوە مانای نەماوە، **ئەوان خۆیان لە زۆرینە خێزانە خاوەن شەهیدەکان و لایەنگرە رەخنەگرەکانیانەوە دووردەگرن، چونکە مانەوەی دووکان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ گرنگە**. هەروەک رەنگە بەشێکی تری ئەو بێدەنگییەش پەوەندی بەو بارودۆخەی ئێستاوە هەبێت کە نەوشیروان لیستی سەربەخۆی دروستکرد بۆ پەرلەمان و بۆتە ئۆپۆزسیۆن. بۆیە ئەو سەرکردایەتییە دەترسن بە هۆی ئەو دۆخە ئالۆزەی کە لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا دروستبووە، لایەنێك سود لەو رووداوە وەربگرن.

راستییەکەی حیزبی شیوعی لەوەتی هەیە، بە هۆی ئەقڵی پاشکۆیی و وابەستەیی بە بلۆکی سۆڤییەت و زۆر هۆکاری تر، هەمیشە دۆڕاو بووە. ئێستاش گروپێکی سەرکردایەتی لە پێناو دووکان و بەرژەوەندی خۆیان هەموو مێژوویەکی خۆیان فەرمۆشکردووە. حیزبی شیوعی لە هەشتەکاندا لە پارتی زیاتر خاوەن داستانی شەڕی گەورە و قوربانی بێژمارەیە، کەچی ئێستا نەک هەر ئەو داستان و قوربانییە فەرامۆشکراون، بەڵکوو بوونەتە بازاڕێک بۆ کۆمەڵێک کادیری سەروو. بگرە ئەوە ئاکامی ئەو مێژووەیە کە دوای نەوەدەکان کۆمەڵی کادیری راگەیاندن و سیاسی حیزبی شیوعی لە لایەن پارتییەوە سوودمەند بوون.

بەڵێ، کە ئێمە بێلایەنانە باس لەو شەڕەی نێوان حیزبی شیوعی و یەکێتی کاراکتەرەکانی ئەو مێژووەدا دەکەین، دەبێت وەک رەخنەکی پێویست سەیر بکرێت نەک تەنیا لایەك بەسەر لایەکی تردا زاڵبکرێت. چونکە ئەگەر بەوشێوەیە کار لەسەر ئەو بابەتە بکرێت لەم کاتەدا زۆر کێشەیە، بۆیە رەنگە ئەمەش هۆکارێك بێت کە حیزبی شیوعی نەیەوێت قسە لەسەر ئەو مێژووە بکات. مەبەستم ئەوەیە، وەک چۆن یەکێتیی بە گشتی و نەوشێروانیش بە تایبەتیش لە بەرانبەر ئەو مێژووەدا ئیرادەی رەخنە لە خۆ گرتنیان نییە، بە هەمان شێوەش حیزبی شیوعی ئیرادەی رەخنە لە خۆگرتن و وروژاندنی ئەو مێژووەی نەبێت. بەڵام لە لایەکی ترەوە، مەهزەلە لەوەدایە کە یەکێتی هەر خۆیان لە کاتی هەڵبژاردندا ئەو بابەتەیان بە دژی نەوشێروانەوە وروژاند، تاکوو ئەو تاوانە مێژوویەی خۆیان بخەنە ئەستۆی نەوشیروان مستەفاوە، لە کاتێکدا ئەوکات نەوشیروان وەك سەکردایەتییەکی یەکێتی لەگەڵ زۆرێک لەو سەرکرداياتییانەی ئەمڕۆی ناو یەکێتی هەمیشە بە هەزەران پێشمەرگەوە سەرپەرشتی ئەو شەڕانەی کردووە.

بە کورتی، ئەو خۆدزینەوەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کە لای تۆ پرسیارە، پەیوەندی بەو نەریتە پاشکۆیەی ئەو سەرکردایەتییەوە هەیە کە دوای راپەڕین وەک مشەخۆرێک بازرگانی بە مێژووی ئەو پیشمەرگە ماندوونەناسانەوە دەکەن.

**رێبوار: بەرپرسێکی یەکێتی بەشدار بووی شەڕی پشتئاشان دەڵێت، لە شێنێ مام جەلال کۆی کردینەوە و پێی وتین بڕۆن شیوعییەکان قەتڵوعام بکەن، دەڵێت ئێمە کاسێتی ڤیدیۆیی ئەو کۆبوونەوەیەمان هەیە، وەک ئەو باسی دەکات، مام جەلال فەرمانی ئەو شەڕەی داوە، بەڵام خوێندنەوەت چیە بۆ ئەم حاڵەتە؟**

هەندرێن: سەیرکە ئەم دۆخە چەندە ئاڵۆزە، لێرەدا تشتێك بە نموونە بهێنینەوە، تۆ بڕوانە گفتوگۆی کوردی لە بارەی گەندەڵی، گۆڕان، ئەخلاق و کێشە سیاسییەکانەوە، کە لە بارەی هیچییانەوە ناگاتە ئەنجامێك، چونکە ململانێی حیزبی و میزاجی مێگەلیی و بێکولتووریی، نەبوونی هەویەی نەتەوەیی، بێ رەچەڵەکیی ئاراستەی دەکا نەک بەرژوەندی گشتی، ئێتیکی مرۆڤایەتیی و دۆزی کورد. بە دەر لەوەش بزوتنەوەیەکی

رۆشـنبیریی یـان رۆژنامەگـەریی سـەربەخۆ و بێلایـەنی خـاوەن ئامـانج و لێـزان لـە کوردستاندا ئامادەیی نییە. ئـەو رووداوەی پشتئاشـان ئەگـەر وەك لێکۆڵینـەوە لـە ئاستی زانستگا کـاری لەسـەر بکرێـت، دەبێـت کەسـێکی شـارەزا لـە بـواری مێـژوودا وەك لێکۆڵینەوەیـەکی سـەربەخۆ قسـەی لەسـەر بکـات، بـەڵام ئێستا مەهزەلـەکە لەوەدایـە کـە یەکێتیی و نەوشیروان بوونـەتە دوو هێزی جیاواز و لـەسـەر ئـەو رووداوە یـەکتری تۆمـەتبار دەکەن، هـەردوو لاشیان راست دەکـەن. چونکـە یـەکێتی ئـەوکات بـە کۆی سـەرکردایەتیی خۆیـان بـە تاکـە هێـزی رەوای شـاخ دەزانـی. بـەڵام بۆ کەسێك ئەگـەر تۆزێك لەگـەڵ ئـەو واقیعـە تاڵـەی ئـەو رۆژگـارە ژیابێت، ئەوکات و ئێستاش تۆزێك بـە ئاگابێت، ئـەو راستییە دەزانێت کە مام جەلال و نـەوشێروان هاوشان بێجیاوازی دژی حیزبی شیوعی و هێزەکـانی تر بوون و بڕوایان بە بوونیان نـەبووە. دیارە نەوشیروان کەسێك نـەبووە کە بـە تـەنیا بڕیار بدات، بۆیە نەك تـەنها مـام جـەلالیش، بـەڵکوو هـەموو یـەکێتی بەسـەر کردایـەتی و خـوارەوەش، بـە دەر لـەو کـادیر و پێشـمەرگانەی کـە خوازیـاری ئـەو شـەڕانە نـەبووبن، ئـەگینا هـەموویان بـە سـەرگەرمییەوە بەشدار بوون لـەو رووداوەدا، چونکـە ئـەو شـەڕ و کێشـانەی شـاخ بـە تـەنیا لـە "پشتئاشـان"دا نـەبوون، بـەڵکوو لـە کـۆی عەقڵییەتـە خۆسەپێنەرانەی ئەوکاتی یـەکێتیی و بزاڤـی سیاسیی بەرجەستە دەبێتـەوە. لێ یـەکێتی نیشتمانیی کە دوای هەرەسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ی خۆی بـە تاکـە دەمڕاستی بزاڤی رزگاریخوازی کوردەوە دەزانی. دواجاریش سەرچاوەی کۆی ئـەو شـەڕانەی یـەکێتیی لـەگەڵ حیزبی شیوعیدا لە "کارەساتی هەکاری" نێوان یـەکێتیی و ئـەوکاتی پـارتی "قیـادە موەقەتە"دا دەستپێدەکات. لە سەرەتای هەشتاکانەوە حیزبی شیوعی بـوو بـە هاوپـەیمانی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستـان، ئیتر لـەوێوە حیزبـی شیوعی دەبێتـە بەشێک لـەو کێشـە و شـەڕە ئاڵۆزانـەوە. ئـەو دەستبـەردار نەبوونـەی سـەرکردایەتی حیزبـی شیوعی لەوکاتدا هۆکردی زۆرە، لێ گرنگترینیان پاشخانی مێژووی حیزبی شیوعی لەگـەڵ پـارتیی، پێویسـتی حیزبـی شـیوعی بـە ئێـران و بادینـان بـوو، کـە ئەمـەش بـێ پەیوەندییـەکی سـتراتیژیی لەگـەڵ پارتییـدا مەیسـەر نـەدەبوو. ئاشـکرایە حیزبـی شـیوعی، ئێرانـی پێویستبوو تا هات و چۆی کادیر و سەرکردایەتی بەو رێگایەوە بکات. هاوکـاتیش دەبـوو لـە بادینان هێزی هەبێت، چونکە پردێک بوو لـەگەڵ سووریادا. شیوعی لـەوێوە لـە سووریاوە چـەکی دەهێنـا بۆ کوردستـان و ئەوانـەی لـە ئـەوروپا دەگەڕانـەوە یـان لـە کوردستـانەوە رەوانـەی وڵاتـانی سۆسیالیستـی ئـەوکات دەکـرد، بـەو رێگایـەوە بـوو. وێـرای پەیوەنـدی مێژوویی و زۆرێک لە سـەرکردەکانی حیزبـی شیوعی لەگـەڵ پارتیدا، هاندەرێک بـوون بـۆ ئـەو نزیکایەتییـەی نێوان حیزبـی شیوعیی و پـارتی، کـە ئەمـەش حیزبـی شیوعی کـردە بەشێک لەو ناکۆکییەی نێوان یەکێتیی و پارتییەوە.

**رێبوار: بەڵام سەرەتای شەڕی پشتئاشان کەی بوو و لەکوێوە دروستبوو؟**

هەندرێن: شـەڕی پشتئاشـان لـە 1ی ئایـار، واتـا لـە یـادی دامەزرانـدنی حیزی شیوعی روویدا، بۆیە هێرشێکی داڕێژراو بوو. لێ ئەو هێرشە بە رێککەوت نـەبوو، بـەڵکوو ئاکامی زنجیرە شەڕێکی پێشووی نێوان "بەرەی جوود"، شوعیی و پارتیی و سۆسیالیست و پاسۆک و یـەکێتیی بـوو. کـۆی ئـەو حیزبانـەش کـە حیزبـی شیوعی هاوپـەیمانیان بـوو کێشـەی قووڵیان لـەگەڵ یـەکێتی هەبوو دوجاریش حیزبی شیوعی، لە روانگەی یـەکڕێزیی و خـەبات

بە دژی رژێمی بەعسەوە، خۆی کرد بە بەشێک لەو کێشانەوە. بۆیە من ناچارم بە کورتی کۆمەڵی وردەکاریی مێژووی پێش پێشهاتی پشتئاشان باسبکەم

ویڕای ئەو پاشخانە، ئەو رقەی یەکێتی لە حیزبی شیوعی لە پاییزیی 1981 دەستی پێکرد و لە پیشتئاشاندا گەیشتە ئەو ئاکامە. لە هاوین یان سەرەتای پاییزیی ئەو ساڵەدا بوو بۆ یەکەم جار سەرۆک جاشێک بە ناوی عەبدولا مایولی لە دەڤەری باڵەکایەتی، دەرگەڵەوە لەگەڵ چەند جاشێکی خۆی دێنە ناو حیزبی شێوعییەوە. دوای ئەوە یەکێتیی، بە بیانۆی ئەوەی کە عەبدولا مایولی پێشمەرگەی یەکێتی کووشتوە ،داوای لە حیزبی شیوعی کرد کە عەبدولا مایولی رادەستی ئەوان بکات، حیزبی شیوعیش بەوە رازی نابێت. جێگەی سەرنجە هاوکات کە یەکێتیی ئەو داوایە دەکات، کەچی مام جەلال و بەرپرسانی یەکێتی لە ژێرەوە نامە بۆ عەبدولا ماویلی دەنێرن کە واز لە حیزی شیوعی بێنێت و بێتە ناو ریزەکانی یەکێتیی و دەیکەن بە بەرپرس. بەمجۆرە کاتێک یەکێتیی زانی هەوڵەکانی بێسوودە، رۆژێک عەبدولا ماویلی و ئەوانەی لەگەڵی هاتبوون بۆ دیتنی خێزانەکەی دەچنە گوندی "دەرگەلە". لەوێدا مەفرەزەیەکی گەورەی یەکێتی دێن ئەو ماڵە گەمارۆ دەدەن کە عەبدولا ماویلی میوانی دەبێت. یەکێتییەکان داوا لە ماویلی دەکەن کە خۆی تەسلیم بکات، بەڵام ئەو رازی نابێت. دواجار دوای شەڕێکی سەخت عەبدولا ماویلی دەکوژرێت. دوای ئەمەش لە تۆڵەی ئەوە مەفرەزەیەک لە مەڵبەندی حیزبی شیوعی، کە ئەوکات عەلی کلاشینکۆف بەرپرسی سەربازیی مەڵبەندی هەولێر بوو، لە گوندی "گەرەوانی خواروو" لە "دۆڵی گەروان" تووشی مەفرەزەیەکی یەکێتی دەبن و پێکدادان روودەدات، لەوێدا چەند بەرپرس و پێشمەرگەی یەکێتیی دەکوژرێن.

دوای ئەوە پەیوەندی حیزبی شیوعی و یەکێتیی ئاڵۆز دەبێت. لە نزیک مانگی 11ی 1981 کە ساڵێک بەسەر دامەزراندنی "بەرەی جوود" تێدەپەڕێت، کە لەوێدا جەخت لەوە دەکرێتەوە هەموو حیزبەکان دەبێت مەفرەزەیان لە خاکی کوردستان ئامادە بێت. بۆیە ئەوکات مەفرەزەیەکی بچووک و شپرێوی پارتی، وابزانم خدر سوار بەرپرسیان بوو، دێنە پشتئاشان ، لەوێوە لەگەڵ مەفرزەیەکی حیزبی شیوعی (کە من خۆم لەگەڵ ئەو مەفرەزەیە بووم) و پاسۆک و سۆسیالیست کە سەید کاکە بەرپرسیان بوو بەرەو گوندی "وەرتێ" دەچووین، کە ئەوکات بارەگای مەحەلی، رێخستنەکانی هەولێری حیزبی شیوعی لێ بوو، لەوێشەوە بۆ خۆشناوەتی بڕۆین. لە گوندی "خەنەقا"دا کە دەکەوێتە خوار گوندی دەرگەلە و لەسەر شەقامی نێوان دەرگەلە -پشتئاشان-رانیە، مەفرەزەیەکی گەورەی یەکێتیی بە سەرۆکایەتی نەوشێروان مستەفا لەوێبوو. کە گەیشتینە نزیک خانەقا، نەوشێروان لەگەڵ مەفرەزەیەک هاتنە پێشمان و بەرپرسی سەربازیی ئەوکاتی حیزبی شیوعی کە ناوی ملازم خدر بوو ئاگادار کردەوە، کە رێگەنادەن چەکداری پارتی بێنە ناو کوردستان و ئەگەر بەیانی هەر کێشەیەک روویدا ئەوە حیزبی شیوعی خۆی بەرپرسیارە. ئەوەی من بزانم حیزبی شیوعی نکۆلی لە بوونی پارتی کرد کە لەگەڵ ئەو مەفرەزەیەیە و هاوکاتیش داوایان لە نەوشێروانکرد واز لەو سیاسەتە بێنێت. دواجار ئێمە بەردەوام بووین بەرەو گوندی وەرتێ. پاش چەند رۆژێک گەیشتنمان بە وەرتێ، ئێوارەیەک نزیک سەعات 9 بوو هەواڵ هات کە پێشمەرگەکانی یەکێتی لە قۆڵی سەنگەسەرەوە هاتوون و سەر چیای کارۆخیان گرتووە. ئەوەبوو بۆ بەیانییەکە شەڕ دەستی پێکرد، دوای دوو سێ رۆژ لە شەڕ، ئەو مەفرەزەیەی پارتی بەرەو ئێران قووچاندیان و حیزبی شیوعی و سۆسیالیست و مەفرەزەیەکی چەند کەسی پاسکۆ مانەوە.

دواجار لەو شەڕەدا بەرەی جوود تێکشکا و بەرەو پشتئاشان هەڵاتین. دواى مانگێک زیاتر ئاشتبوونەوە کرا.
بەڵام جێگەی سەرنجە، بۆ لە رۆژگاری شەڕی چەکداری بزاڤی رزگاریخوازی کورد و ساڵانی نەوەدەکانی دواى راپەڕنى بەهارى 1991 هەولێر دەبێتە چەقی قورسایی شەڕەکانی نێوان هێزە کوردییەکان؟ ئەمە پێویستی بە خوێندنەوەی تایبەت هەیە. دیارە لە سادەترین راڤەدا دەکرێ بڵێین، چونکە هەولێر لە رووی جوگرافییەوە بەهایەکی سیاسیی هەیە. هەولێر هاسەنگی دەسەڵات دیاریدەکات. بەڵام بۆچی مەڵبەندی حیزبی شیوعی لە دەڤەری سلێمانی، بە تایبەتی بەهائەدین نووری، دواى پشتئاشان و پیشتریش بە دەر لە بڕیاری سەرکردایەتی حیزبی رێککەوتنی هاوبەشیان مۆردەکرد؟ دیارە ئەو بابەتە پێویستی بە خوێندنەوە و بەڵگەی وردەوە هەیە.
بە رای من، هۆکردی بەشێکی ئەو شەڕانە کە لە هەولێر لە نێوان حیزبی شیوعی و یەکێتی روویاندەدا، پەیوەندی بە قورسایی حیزبی شیوعی لە دەڤەری هەولێر و چالاکیی و یاخیبوونی ئەو هێزەی هەولێری شیوعی هەبوو، هەروەک رەنگە بەشێکیشی پەیوەندی بە نزیکایەتی سەرکردایەتی هەولێری حیزبی شیوعییەوە هەبێت، لەوانەش ئەبو حیکمەت کە لە رووی میزج و پاشخانەوە بەرژەوەندی شەخسی لەگەڵ پارتی هەبوو. بۆیە دواجار ئەبوو حیکمەت و زۆرێک لە کادیرانی راگەیاندن و سیاسیی حیزبی شیوعی لە دەڤەری هەولێر، بوون بە دڵسۆز و داکۆکیکاری سەرسەختی پارتی!

دواى ئەوە لە سەرەتای ساڵی 1982 بەرەی جوود بەرەو رۆژهەڵاتی کۆیێ دابەزین، ئەوەبوو لە 27ی 1ی 1982 رژێمی بەعس هێرشێکی گەورەی بۆ سەر دەشتی کۆیێ کرد و هەموو حیزبەکان پێکەوە رووبەڕووی رژێم بوونەوە. دواى چەند رۆژ شەڕ حیزبی شیوعی زیاتر لە 11 پیشمەگەر و کادیری شەهید بوو. ئەو شەڕە بە "شەڕی سێکانی" ناسراوە. ئەو ماوەیە راستە هیچ شەڕێک لە نێوان بەرەی جوود و یەکێتی نەبوو، بەڵام لە زستانی 1983 شەڕی نێوان سۆسیالیست و یەکێتی لە دەڤەری گەرمیان لە ئارادابوو. ئەوە بوو لەو دەڤەرەدا مەفرەزەیەکی سۆسیالیست چەند پیشمەگەریەکی یەکێتیی دیل دەکەن و هاتن بۆ رۆژهەڵاتی کۆیێ، کە ئەوکات سۆسیالیست هێزیکی زۆری هەبوو لەو دەڤەرەدا. دواجار یەکێتی بە مەفرەزەیەکی گەورە کە وابزانم زیاتر لە 500 پیشمەرگە دەبوون بە دواى ئەو مەفرەزەیەی سۆسیالیست هێنا بۆ رۆژهەڵاتی کۆیێ. من وەک پیشمەرگەیەکی ئامادە بوو لە رۆژهەڵاتی کۆیێ شایدی ئەوەم، حیزبی شیوعی رۆڵی ناوبژیوانی بینی لە نێوان سۆسیالیست و یەکێتییدا. ئێوارەیەک لە گوندی "نێرەگین"، کە پایتەختی پیشمەرگە بوو لەو دەڤەرە دا، هەمیشە لە پیشمەرگە جمەی دەهات، ئەو مەفرەزەیەی حیزبی شیوعی دیلەکانی یەکێتی لە سۆسیالیست وەرگرتەوە و دایەوە بە یەکێتی. هەر ئێوارەیە ئەو مەفرەزەی حیزبی شیوعی، تاکوو ئەو بێچالاکییە سەربازییە لەو دەڤەرە بەردەوام نەبێت و رژێم سوود لەو گرژیەی نێوان پێشمەرگەی حیزبەکان نەبینێت، بڕیاری چالاکییەکی سەربازیی دا. ئەوەبوو ئێمە بە چەندین ئۆتۆمبیلەوە بەرەو دەشتی هەولێر رۆیشتین و ئێوارە زوو لەسەر شەقامی نێوان کەرکوک – هەولێردا بۆسەمان دانایەوە. لەو بۆسەیەدا چەندین پیاوی سەر بە رژێمان بە دیلگرت، بەشێکیان میسریی بوون. نزیک سەعات 12ی شەو کە گەڕاینەوە رۆژهەڵاتی کۆیێ. وەک هەمیشە کاتێک شەوانە پێشمەرگە لە دەشتی هەولێرەوە بەرەو رۆژهەڵاتی کۆیێ دەگەڕایەوە، لە دواى گوندی

قەشەقەوە کە دەکەوێتە سەر زێی پردێ لەوێوە  ناوچەی ژێر دەستی پێشمەرگە بوو، بۆیە زۆربەی پێشمەرگە لە دوای ئۆتۆمبیلەکاندا پاڵی دەدایەوە یان هەبوو خەوی لێدەکەوت. بەمجۆرە ئێستاش بە بیرمە کاتێک لە گوندی قەشقە تێدەپەڕین  و گەیشتینە سەرەتای "بەستی شەرغە" کە بەستێک بوو ڕێگای سەرەکی ئەو دەڤەرە بوو، من لە دواوەی ئوتومبیلیکمان کە لە لۆری دەچوو پاڵم دابوەوە، لە هیکڕا بووە  ئاگر باران. وابزانم ئێمە 5 تا 6 ئوتۆمبیل دەبووین. ئێمە هەموومان تووشی شۆک بووین، تا بەرەبەیان وامزانی ئەوە جاش و سەربازی رژێمە کە بە دزی هاتوونەتە ئەو ناوچەی ژێر دەستی پێشمەرگەوە تاکوو بتوانن گورزێکی باشمان لێبدەن، کەچی دەرچوو پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون کە بە درێژایی بەستی شەرغە تا گوندی "نێرەگین"، کە وەک وتم ئێوارەکەی ئێمە لەوێ پێشمەرگە دیلەکانی یەکێتیمان لە مەفرەزەکەی سۆسیالیست وەرگرتەوە و دامەنەوە یەکێتی.

بەرە بەیان هێرشی پیچەوانە لە لای حیزبی شیوعی  و سۆسیالیستەوە دەستی پێکرد. تا نیوەڕۆ یەکێتی تەنیا تێکشکا. لە گوندی نێرەگین مەفرەزەیەکی سۆسیالیست و کۆمەڵی کادیری "مەحەلی" و پیشمەرگەی نەخۆشی حیزبی شیوعی لێبوون. لەوێدا شەڕێکی سەخت لە نێوان ئەو مەفرەزەی سوسیالیست و یەکێتی روویدا کە دکتۆر رەشید بەرپرسی ئەو مەفرەزەیەی سۆسیالیست بوو، بەڵام ئەو مەفرزەی حیزبی شیوعی شەڕ ناکەن و یەکێتی بە دیلیان گرتبوون. دواجار یەکێتی لە نێرەگین شکا و بەرەو گوندی سێکانی هەڵاتن.

**ڕێبوار:ئەو مەفرەزەی ئێوە لە دەشتی هەولێر چەند پێشمەرگە دەبوو؟**

هەندرێن:ئێمە نزیکەی 150 پێشمەرگە دەبووین هاوکاتیش مەفرەزەیەکی "ڕێکخستنی مەحەلی کە 10تا 20 کادیر دەبوون.

یەکیتی هاتبوون ئەو مەفرەزەیە لە ناو ببەن، چونکە ئەوکات یەکێتی وا بیری دەکردەوە، سەرتاپای ئەو هێزانەی کە هەن، ئەگەر سەربە یەکێتی نەبن، یان پاشکۆی یەکێتی نەبن هەموویان دەرپەڕێنێ یان ملکەچی سیاسەتی خۆی بکات. بە هەمەحاڵ، لەو شەڕەدا لە مەفرەزەکەی ئێمە دوو پێشمەرگەمان شەهید بوو و چەند پێشمەرگەیەکیشمان بریندار بوون.

جێگەی سەرنجە یەکێتی لە نەخشەی دابوو کە کۆی ئەو مەفرەزەیەی دەشتی هەولێری حیزبی شیوعی لەناوببات. هەر بۆیە بۆ بەیانییەکەی زوو کەس و کاری پیشمەرگە لە هەولێرەوە هاتن بۆ "بەستی شەرغە"، چونکە لەگەڵ بەیانییدا یەکێتی لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە بانگەشەیان کردبوو کە  حیزبی شیوعیان هەموو کوشتووە. بۆ زانین، ئەو مەفرەزەی لقی هەولێری حیزبی شیوعی چاڵاکترین پیشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بوون، بۆیە یەکێتی دەمێک بوو لێی بە رق بوون. کاتێک "بەرەی جوود" مەڵبەندی 3 ی یەکێتیان گرت لە گوندی بالیسان، لەوێ نامەیەکی نەوشێروان مستەفایان دەکەوێتە دەست، نەوشێروان لەو نامەیەدا باسی ئەوە دەکا کە سەرتیپی یەکیتی لە هەولێر لەگەڵ حیزبی شیوعی رەق نییە، بۆیە دەبێت سەرتیپێکی ئازاتری هەبێت. کاتی خۆی حیزبی شیوعی ئەو نامەیەی بڵاوکردەوە.

بەڵێ یەکێتی زۆر نامەردانە بوو لەو بۆسەیەدا، چونکە  وتم  ئێمە ئێوارە پێکەوە  لە گوندی نێرەگین  بووین و حیزبی شیوعی نزیک شەش دیلی  یەکێتی ئازاد کرد کە

پێشمەرگەکانی سۆسیالیست لە دەڤەری گەرمیانەوە بە دیلیان گرتبوو. هاوکاتیش ئێمە لە چالاکی سەربازیی دژی رژێم دەگەڕابووینەوە. ئەو کەمینە خەنجەری ژەهری یەکێتی بوو لە پشتەوە لە ئێمەی دا، کە ئەمەش خەسڵەتی مرۆی جوامێر و شۆڕشگێڕ نییە.
دیارە حیزبی شیوعی هەمیشە بە هەڵە لە واقیعی خۆیی و پەیوەندییەکانی گەیشتبوو، هەروەک لە پشتئاشانیش چاوەڕوان نەکردن و بە هەڵە تێگەیشتنی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بوو، بۆیە یەکێتی توانی گورزێکی وا گەورەی لێبدات.
بەهەرحاڵ دوای پوچەڵبوونەوەی نەخشەی لەناوبردنی لقی دەشتی هەولێری حیزبی شیوعی و سۆسیالستەکان، داوای ئاشتبوونەوەی کرد. ئەوەبوو وەفدێکی بەرەی جوود بە سەرکردایەتی ملازم خدری حیزبی شیوعی هاتنەوە دەشتی هەولێر. دوای ئاڵۆزییەکی زۆر شەڕ وەستا و مەرجی حیزبی شیوعی ئەوەبوو کە یەکێتی ئەو هێزەی کە لە دەڤەری گەرمیان هێنابووی بکێشێتەوە و کۆمەڵی مەرجی تر. ئەوەبوو یەکێتی کۆی پیشمەرگەکانی لەو ناوچەیە کشاندەوە بەرەو ئاسۆس و خۆشناوەتی چوون. لە گوندێکی رۆژئاوای کۆییێ تووشی کاتێک کۆمەڵێ پیشمەرگەی لقی کۆییێی حیزبی شیوعی دەچنە ئەو گوندە کە مەفرەزەیەکی گەورەی یەکێتی لێدەبێت، مەفرزەکەی یەکێتی تەشەقەڵەیان پێدەکەن کە نابێت لەو گوندە بمێننەوە. دواجار ئەو شەڕ فرۆشتنەوەی یەکێتی بەو مەفرەزەیەی حیزبی شیوعی دەبێتە پێکدادان، لەوێ شێخ شەماڵ، کە وابزانم ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەران بوو، دەکوژرێت. ئیتر کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن. یەکێتی لەو کاتەوە دەکەونە رق لە مەحمەد حەلاق کە گوایە ئەو بەرپرس بوو لەو شەڕەدا، دواجار، بەرای من، هەر ئەو رقەبوو کە لە نەوەدەکان یەکێتی بە شێوەیەکی ناجوامێرانە کوشتیان.

دوای کشانەوەی یەکێتی لە دەشتی هەولێر. کێشەکان دەکەونە بالیسان، کەو ئەکات مەڵبەندی 3ی یەکێتی لێبوو و مەڵبەندی هەولێری حیزبی شیوعیش لە شێخ وەسانان بوو کە ئەبو حیکمەت بەرپرسی مەڵبەند بوو. رۆژێک دەبینن پێشمەرگەکانی یەکێتی لە نزیک بارەگای مەڵبەندی حیزبی شیوعی و جوود بۆسەیان داناوەتەوە، کاتێک پیشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لێیان دەپرسن بۆ بۆسەتان داناوەتەوە، یەکێتییەکانیش دەلێن رژێم نیازی وایە هێرش بۆ بالیسان بکات. شیوعییەکانیش پێیان دەڵێن جا بۆ لێرە بۆسەتان دانەوەتەوە؟ بەمجۆرە حیزبیی شیوعی زانیبووی یەکێتی ئەو نیازەی هەیە کە هێرش بکاتە سەر مەڵبەندی ئەوان، بۆیە حیزبی شیوعی و بەرەی جوود دەستپێشخەری دەکەن و هێرش دەکەنە سەر مەڵبەندی سێی یەکێتی و دەیگرن، ئەمەش لە مانگی سێی ساڵی 1983 بوو، کە لەوێ شکان، نەوشیروان لە سلێمانییەوە هات و یەکێتیش شێوەی بیرکردنەوەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعیان قۆستەوە لە پشتئاشان، چونکە حیزبی شیوعی چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە یەکێتی هێرش بکات سەر سەرکردایەتی شیوعی، بۆیە یەکێتی پەلاماری پشتئاشانیاندا بۆ تۆڵەی هەموو ئەو شکستانەی کە لە دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی خواردیان. هاوکاتیش یەکێتی پرۆژەی رێکەوتنی هەبوو لەگەڵ حکومەتی عێراق، یەکێك لە مەرجەکانی حکومەتی عێراقیش ئەوەبوو، کە هەموو ئەو هێزە بەرهەڵستکارانەی تر کە هەبوون لە کوردستان، یان دەبوایە رازییان بکات و بیانهێنێتەوە بۆ ناو حکومەت، یان دەبوو لە ناوی بەرەو ئێرانیان راو بنێت. هەڵبەت

دوای پێشتئاشان سەرکردایەتی لە بەیاننامەکدا ئاماژە بۆ ئەو مفاوەزاتەی نێوان ڕژێم و یەکێتیی دەکات.

من خۆم لەشەڕێکدا بووم، حکومەت بەسەر یەکێتیدا دەهات و بە تۆپ و تەیارە لە ئێمەی دەدا، بەڵام لەوانی نەدەدا، ئەمە ڕاستی شەڕی پشتئاشنە و ئەو شەڕەش بۆ تۆڵە کردنەوە بوو لە حیزبی شیوعی. هاوکاتیش، بە ڕای من، مەرجێکی ڕژێمی بەعس بوو. ئەمەش لە سازشکردنی یەکێتی لەگەڵ ڕژێمدا بە ئاشکرا دیار بوو. چونکە ئەوکات یەکێتی شانبەشانی جاشەکانی ڕژێم بە دوای ئەو مەفرەزانەی شیوعی و سۆسیالیست و پارتییەوە بوو کە لەو دەڤەرانەدا دەریان بکات.

بۆ نموونە لە سەرەتای مفاوەزاتی یەکێتی و ڕژێم لە کۆتای ساڵی 1983دا، ئێمە وەک مەفرەزەیەکی 40 کەسی بە رابەرایەتی عەلی حاجی، کە پیاوێکی ئازا بوو و دواجار لە شەڕێکدا لەگەڵ یەکێتیدا کوژرا، لە بارزانەوە هاتین بۆ دەشتی هەریر و بەرەو دەشتی کۆییێ دەچووین، لە گوندی "هەنارە" تووشی سەخترین شەڕ بووین، "لە گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا" باسی ئەو شەڕەم کردووە، هاوکات لەسەر شەقامی کۆیێ هەولێر زیاتر لە 500 پێشمەرگەی یەکێتیی کەمینیان بۆ ئێمە دانابوو. دواجار لە دوای ئەو شەڕە سەختەی ئێمە لەگەڵ ڕژێم لە گوندی "هەنارە" و هێرشەکانی یەکێتی ناچاربووین ئەو دەڤەرە بەجێبهێڵین.



هەندرێن لە ڕۆژهەڵاتی کۆیێ،1982

ڕێبوار: بەڵام لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی پشتئاشان، یەکێتی مامەڵەی چۆن بوو لەگەڵ دیلەکانی حیزبی شیوعی، بەو پێیەی کە بەڕێزت ئاگادار بیت؟

هەندرێن: یەکەمجار سووکایەتییان پێکردبوون، دواتر تۆقاندبوونیان و وایان پیشاندابوو کە دەیانکوژن، هەندێك لەو دیلانە کە ڕزگاریان بووە لەوێ، وا باسی دەکەن کە نەوشیروان بە پێشمەرگەکانیشی وتووە، دیل مەهێننە لای من، زۆربەی ئەو دیلانە ئێستاش دەژین و ماون، بۆیە ئەوانە ڕاستین کەس ناتوانێت ئەو ڕاستییە مێژوویانە بشوێنێت، هەتا باس لەوە دەکرا، کە عەرەبەکانی پشتئاشان ویستبوویان یەکێتی و جەلال تاڵەبانی بدەنە دادگا، بەڵام گوایە جەلال تاڵەبانی ئەوانی ڕازی کردووە بە پارە.

ڕێبوار: بەهادین نووری لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت، بەشێك لە دیلەکان نەوشیروان خۆی کوشتنی، ئەمە تاچەند ڕاستە؟

هەندرێن:ئەو قسانەی لەسەر نەوشیروان دەکرێت بەشێکیان ڕاستن، چونکە کاتی خۆی لە خەڵکی گوندی "وەرتێ"م بیست کە دوای ئەوشەڕەی کە باسم کرد لە وەرتێ ڕوویدا 1981، نەوشیروان پیاوێکی سەر بە پارتی خستووە ناو ئاو، بۆیە ئەمانە شتێك نین بڵێین پروپاگەندەن. مخابن لە کوردستاندا ئەرشیف نییە، ئەگینا ئەو ڕۆژەی کە پشتئاشانیان گرت، ئێمە لەسەر چیای "دەرەشیر" و گوندی مەلەکان بووین، من خۆم گوێم لێبوو نەوشیروان لە ڕادیۆکەی خۆیانەوە دەیوت، ئێمە وەک باڵندەیەك سەری حیزبی شیوعی هەڵدەکێشین و دواتر پەڕوباڵییان هەڵدەکێشین... کەسێك وا قسە بکات، دەبێت چاوەڕوانی هەموو شتێکی لێبکەیت. دواجار کەسێک سەرپەرشتی گرتنی بارەگای سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بکات کە دژی ڕژێم بوو و چاوەێی ئەو هێرەش نەبێت و کۆمەڵی ژن و خەڵکی بێچەک و داماوی لێبێت، بە دڵنیاییەوە نەک نەوشێروان بەڵکوو هەر کەسێکی تر سەرکردایەتی هێرشی وا بکات، چاوەڕوانی لێدەکرێت سووکایەتی بە دیل بکات و بگرە دیلیش بکوژێت.

مرۆڤ کە کەمێک بە وردی ئاگای لە سروشتی مرۆڤ و شەڕە مێژووییەکان بێت، ناتوانێت بەو جۆرە گەمژەییە ئەو ڕاستییانە بشارێتەوە.

**ڕێبوار: دوو شەڕی پشتئاشان هەیە، لە شەڕی پشتئاشانی یەکەمدا، ئەو زەرەرو زیانە چی بوو بەر شیوعی کەوت؟**

هەندرێن:لەوێ بەگوێرەی ئەو بەیاننامەی کە حیزی شیوعی دوای پشتئاشان بڵاوکردۆتەوە و وەک ئەو پیشمەرگانەی لەوێ بوون باسی دەکەن، زیاتر لە 80 شیوعی کوژران، کە زۆربەیان عەرەب بوون، کە یەکێکیان کچێکی عەرەب بوو لەگەڵ مێردەکەی بەدیلی گیراوە و کوژراوە، ئەوە عەرەبەکان باسی دەکەن ئەگینا من نەمبینووە. لە شەڕی پشتئاشانی دووەمیش ئێمە ئەوەندەی لە یادم مابێت 5 پێشمەرگەی لقی پێنجی ئامێدیمان کوژران، بەڵام پارتی بە تایبەتی لەسەر ئەو لووتکەی بەرانبەر لووتکەی "کونە کۆتر" کە نزیک هەشتا بارزانی لەسەر بوو، زۆریان لێکوژرا.

ڕێبوار: بەڵام یەکێك لە بەشداربووەکانی یەکێتی دەڵێت، من تەحەددا دەکەم یەك دیلمان کوشتبێت، دەڵێت هەموو ئەوانە لە شەڕدا کوژراون، دەشڵێت ئێمە لەو شەڕدا 11 پێشمەرگەمان کوژراوە، 5 پێشمەرگە لە پشتئاشان و 6یشیان بە هۆی تۆپبارانی حکومەتەوە کوژراون؟

هەندرێن: ئەوە ڕاست نییە، چونکە حکومەت تۆپبارانی نەکردووە لەوێ. ئەو قسەیە فشەیە. لە نزیک گوندی ئاشقوڵکە و بۆڵی کە دەکەونە پێش پشتئاشان، مەفرەزەیەکی زۆر ئازای پشدەر و کۆمەڵێک پیشمەرگەی باڵەکایەتی لەوێ بوون کە پێشمەرگەیەکی ئازا و خەڵکی گوندی ڕۆستێ بەرپرسی سەربازییان بوو بەناوی خدر کاکیل لەوێ کوژرا. شایەنی وتنە، خەڵکی دەڤەری گوندی ڕۆستێ دەزانن، مام خدر کاکیل سەخترین ڕەبیەی ناوچەی ڕۆستێ بە برنۆ گرتووە. پیاوێکی نەخوێندەواری سادە و خاکیی جوامێر بوو.ئەگینا ئەو عەرەبانەی لە پشتئاشان بوون، هەندێکیان لە وڵاتانی ئەوکاتی ڕوسیا، چیکۆسلۆڤاکیا، بولغاریا و ... هاتبوونەوە و هیچیان لە شەڕ و کیشەکان نەدەزانی. لە کاتی هێرشی یەکێتیدا،وەک ئەو پیشمەرگانەی لەوێ دیلکران باسی دەکەن، کە بێچەک و بە چەک شەڕیان نەکردووە کەچی پیشمەرگەکانی یەکێتی کوێرانە داویان بەر گوللە.

بۆیە ئەوە گێلایەتییە یەکێتی بڵێت ئێمە دیلمان نەکوشتووە. لە هەموو شەڕێکدا کە چەکدار رابکا و شەڕ نەکات، نامەردانەیە تەقەی لێبکرێت و بکوژرێت. چونکە وەک دیل وایە.

**رێبوار: لێرەدا پرسیار ئەوەیە، لە کاتی شەڕدا زۆرتریان زیان بەر هێرش بەر دەکەوێت، بەڵام یەکێتی کە هێرشی کردۆتە سەر پشت ئاشان 11 پێشمەرگەی کوژراوە، کەچی شیوعی بەرگری کردووە و وەک تۆ دەڵێیت زیاتر لە 80 کەسی کوژراوە، ئەم هاوکێشەیە چۆن لێک دەدەیتەوە؟**

هەندرێن: وەك باسم کرد لەو دوو شوێنەی کە هێزەکانی شیوعی بەرگرییان دەکرد، رەنگە لەوێ یەکێتی زیانی بەر کەوتبێت، بەڵام لە پشتئاشان زۆربەی شیوعییەکان هەر پاڵیان دابووەوە و وایاندەزانی یەکێتی بەوجۆرە هێرشیان ناکات سەر و نایانکوژێت، بۆیە کاتێك کە یەکێتی گەشتبوونە پشتئاشان، بە ناو کەوتبوون و ئەوەیان بینبوو کە هەڵاتوون بۆ رزگار بوون لە دەستیان بەناو ئەو بەفر و شاخە سەختانە کوشتبوویان، ئەو عەرەبانەش زۆربییان شەڕیان نەدیبوو، بۆیە ئەوان بەرگرییان نەکردبوو.چونکە عەقڵییەتی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە پشتئاشان وەها بوو، خۆیان بۆ شەڕی وا ئامادە نەکردبوو، بەڵام هەندێك لە شیوعییەکانیش لە کاتی بەرگریدا کوژراون. لەوەش زیاتر، لە پشتئاشان تازە دوا ژمارەی گۆڤاری "یەکێتی نووسەرنی شاخ" لە چاپخانەی حیزبی شیوعی چاپکرا بوو و هێشتا دابەش نەکرابوو. بۆیە من لە پشتئاشانی دووەم پەڕە دڕاوەکانی ئەو گۆڤارەم لە پشتئاشان بە چاوی خۆم بینی کە لە دەوری خانووەکەی راگەیاندن پەرت و بڵاو بوو. بەڵێ لەوێ هەر مرۆڤی بێتاوان نەکوژرا، بەڵکو کتێبگەلێکی زۆر و دوا ژمارەی گۆڤاری "یەکێتی نووسەرانی شاخ"یش کوژران. ئای لە نووسەری کورد! ئای لە ئەخلاقی پیشمەرگە!

**رێبوار:بەڵام شەڕی پشتئاشانی دووەم چۆن بوو؟**

هەندرێن: ئەوکاتەی لە پشتئاشان دەدرا، ئێمە لە بالیسان بووین، مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بروسکەیان دەکرد، تا ئێمە بچین بە هانایانەوە و یارمەتییان بدەین، ئەو کاتیش یەکێتی پلانێکی دانابوو، چونکە ئەو رێگەیە لە بالیسانەوە بۆ پشتئاشان زۆر دوور و سەختە، لەوکاتەشدا ملازم خدر (ئەبو عاید) سەرپەرشتی هەموو شەڕەکەی دەکرد و سەرپەرشتیاری هەموو هێزەکانی بەرەی جود بوو، ملازم خدر لەگەڵ مەفرەزەیەك رۆشت و لە دۆڵی گەرەوان و گوندی سەران کە بەسەر دەرگەڵەیە لە بناری چیای هەندرێن، 5 تا 6 پێشمەرگەی یەکێتی بە دیلی گرت. ئەو کە گەشتبووە ئەو ناوچەیە، حیزبی شیوعی شکا بوو و گەشتبوونە ئێران، ئەویش گەڕایەوە دۆڵی بالیسان. پلانەکەی یەکێتیش ئەوەبوو، هەموو هێزەکەیان بهێننە سەر ئێمە لە بالیسان، بۆیە حیزبی شیوعی بڕیاریدا ئێمە بکشێینەوە بۆ ئێران، ئێمەش دواجار بە رێگایەکی سەخت لە بالیسانەوە بەرەو گوندی رۆستێ و بەسەر چیای هەڵگووردەوە کشاینەوە بەرەو ئێران. لەو کاتەشدا حیزبی شیوعی لە رووی سیاسییەوە شکابوو، بۆیە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و عەسکەرییان دا بە ملازم خدر،چونکە لە هەولێر سەرکەوتوو بوو لە ئاستی سەربازییەوە. بەمجۆرە ملازم خدر بۆ تۆڵەکردنەوە لە پشتئاشان پارتی و لایەنەکانی تریشی رازی کرد، دواتر ئێمەی لە ئێرانەوە گەیاندەوە پشتئاشان، لەو کاتەشدا هەموو هێزەکانی بەرەی جوود، لە ژێر سەرکردایەتی سەربازیی ئەودا بوون، بەڵام پارتی لەوێ فێڵی لە

حیزبی شیوعی کرد، چونکە پارتی پەیمانی دابوو هەزاران پێشمەرگە بهێنێتەوە لە ئێران، بەڵام لەوکاتەدا ئێران دەیویست هێرش بکاتە سەر حاجی ئۆمەران، پارتیش دەیویس لە رێگەی ئەو هێرشەوە یەکێتی بشکێنن، چونکە ئەوکات یەکێتی لە دەرگەڵە و وەرتێ بوون. پارتی ئەو هێزەی نەهێنا کە پەیمانی دابوو. لەوەش زیاتر، مەفرەزەی پاسداری هێنابوو بۆ ئەو ئەو دەڤەرە. ئەوە بوو کیشە دروستبوو لە نێوان ملازم خدر و مەنسوولی سەربازی ئەکاتی پارتی، کە وابزانم ئیدریس بارزانی بوو. چونکە حیزبی شیوعی رازی نەبوو پاسدار بهێنرێتە ئەو ناوچەیە.
بە کورتی پارتی حیزبی شیوعی لە شەڕی ئێران- عێراق گلاند و حیزبی شیوعی فریودا. لە کاتێکدا رێککەوتنی شیوعی و پارتی بۆ هاتنەوەی پشتئاشان دوور بوو لەوە ئامانجەی کە پارتی مەبەستی بوو.
هەر بۆیە رژێم بە شێوەیەکی چڕ ئەو ناوچەی بە تۆپ و تەیارە بۆمباران دەکرد. رۆژێک من و پێشمەرگەیەکی تر، مخابن ناویم لە یاد نەماوە، لە گوندی ئاشقۆلکە بووین، ئەو گوندە دەکەوێتە پیش پشتئاشان، لە هیکڕا فڕۆکەکانی رژێم بۆمبارانیان کردین، بە رێککەوت بوو نەکوراین.
بەڵێ لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕدا، لووتکەیەک کە ناوی "کونە کۆتر" بوو کە دەکەوێتە زنجیرە شاخەکانی قەندیل و زۆر ستراتیژی بوو چونکە هەم لە پێشەوەی بەرەی شەڕەکە بوو هەمیش تەواوی ئەو سەر رێگای دەرگەلە و پیشتئاشان دەپاراست، ئەو لووتکەیە درابوو بە مەفرەزەیەکی پارتی کە هەموویان بارزانی بوون و هەردوو حەسۆ میرخان بەرپرسیی بوون. لەگەڵ یەکەم هێرشی یەکێتیدا بەسەرپەرشتی یەکێتی ئەو لووتکەی بەبێ تەقە گرتبوو. هەرچەندە حیزبی شیوعی بە سەرپرشتی ملازم خدر هێرشیان کردەوە سەر ئەو لووتکەیە کردەوە بۆ رەبییەکە و گرتمانەوە. بەڵام دواجار دیاسان ئەو لووتکەیە درایەوە دەست پارتیی و دواجار یەکێتی ئەو لووتکەی بێشەڕ گرتەوە، هەر لەو رەبییەدا بارزانی حەسۆ میرخان و زۆرێک لە پارتی کوشت.




**رێبوار: ماوەی نێوان شەڕی پشئاشانی یەکەم و پشتئاشانی دووەم چەند بوو؟**

هەندرێن: ماوەی 3 مانگیان بەین بوو، شەڕی پشتئاشان لە 1ی ئایار، لە رۆژی لە دامەزراندی حیزبی شیوعی بوو و شەڕی پشتئاشانی دووەمیش سەرەتای مانگی 7ی هەمان ساڵبوو. بۆ ئاگاداریت ئەوکاتەش بە هۆی شەڕی ئێرانەوە، بۆردرمانی فرۆکەمان لەسەر بوو، بەڵام وەك پێشتریش باسم کرد، کۆپتەر بەسەر یەکێتیدا دەهات، لەوانی نەدەدا و ئێمەی دەکردە ئامانج. بۆیە هەموو ئەو هاوکێشانە پەیوەندییان بە

بارودۆخەکەوە هەیە، بەس لە پشتئاشانی دووەم، پارتی شەڕەکەی بە شیوعی دۆڕاند. چونکە پارتی دەیانویست بە هاوکاری ئێرانەوە دوای گرتنی حاجی ئۆمەرانەوە بەرەو وەرتێ و باڵەکایەتی بڕۆن و بەمجۆرە یەکێتی بشکێنن، کەچی ئێران سەرکەوتوو نەبوو. ئەوەبوو کاتەکە درێژەی کێشا. دواجار کە ئەو لووتکەیە گیرا ئیتر تەواوی ئەو ناوچەیە کەلکی ئەوەی نەما بەرگری بکەین. بۆ زانین کاتی خۆی یەکێتی بەهەمان شێوەی ئەو ناوچەی گرت.

**رێبوار: لە هەردوو شەڕی پشتئاشاندا، حیزبی شیوعی چەند کەسی لێکوژرا؟**

هەندرێن: لە پشتئاشانی یەکەم، زیاتر لە 80 شیوعی کوژراون، لە پشئاشانی دووەمیش، ئەوەی من ئاگادار بم، وابزانم 5 پێشمەرگە بەناوی: ملازم حسان، کە سەر لق بوو، سەید نهاد، دکتۆر عادل .... ئێستا مخابن ناوی ئەوانیترم لە یاد نییە لە حیزبی شیوعی نەکوژرا و لە پارتیش بە تایبەتی لەسەر ئەو لوتکەی بەرانبەر کونە کۆتر، کە یەکێتی بەرەبەیان بێ تەقە گرتیان، دەیان پێشمەرگەی پارتی کوژران، لەوانە حەسۆ میزرخان.

رێبوار: ئەوەی تۆ ئاگادار بیت یان وەك پێشمەرگەیەکی بە ئاگای ئەوکات، یەکێتی دەستدرێژی کردبووە سەر خێزانی شیوعییەکان؟

هەندرێن:ئەو خێزانانەی کە مابوون، دەیانووت هێزەکانی یەکێتی دەستدرێژی کردۆتە سەرمان، ئیهانەیان پێکردووین، تەعزیبی نەفسییان دابوون، بەڵام ئەوانە عەرەبن و ئێستا زۆریان لەگەڵ شیوعی نەماون بۆیە باسی ناکەن، بەس لەمدواییانەدا کەمپینێکیان کرد دژی یەکێتی و جەلال تاڵەبانی کە بدرێنە دادگا، ئەوانە هەموویان بەشدار بوون لەوێ، بۆیە باشترە ئێوە ئەگەر حەز دەکەن ئەو راستییانە بزانن قسە لەگەڵ ئەو دیلانە بکەن کە لە نزیکەوە مامەڵەی یەکێتییان بینیووە.

**رێبوار: لە دروستبوونی ئەو شەڕەدا، هەڵەی حیزبی شیوعی چی بوو، وا تێوە گلا؟**

هەندرێن: هەڵەکان بەشێکیان هەڵەی سیاسی سەرکردەکانی حیزبی شیوعی بوون. بەشێکیشیان هەڵەی ئەو بەرەی حیزبی شیوعی بوو کە بەناوی جوود بوو. لەوێدا حیزبی شیوعی بە ئاگا بێت یان بێئگا، بوو بە قوربانی کێشەی نێوان پارتیی و و سۆسیالیست و یەکێتی. من پێشتر لە شار سەر بە رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەران بووم و لە ساڵی 1981 لە شار ئاشکرا بووم و بووم بە پێشمەرگەی یەکێتی. دوایی چوومە ناو حیزبی شیوعی، سیاسەتی یەکێتی لەو کاتەدا ئەوە بوو، بە هیچ شێوەیەك رێگە بە پارتی نەدەن بێتەوە ناو خاکی کوردستان، من بە نموونەوە قسە دەکەم، نەك هەر بە مەزەندە، یەکێتی سەرەتا لە (ناوزەنگ) دا پێشوازی لە حیزبی شیوعی کرد، ئەوکات "بەرەی جوقد"یان دروستکرد، ئەوکاتیش حیزبی شیوعی پێداگیری دەکرد لەوەی، کە دەبێت پارتیش بەشدار بێت لەو بەرەیە، چونکە حیزبی شیوعی و پارتی پەیوەندییەکی مێژوویان هەبوو پێکەوە، یەکێتیش بە هۆی شەڕی هەکارییەوە، دەیانووت پارتی خائینە و نابێت بە هیچ شێوەیەك بێتەوە ناو خاکی کوردستان، لە هەمانکاتیشدا سۆسیالیست بە سەرپەرشتی رەسوڵ مامەند لە یەکێتی جیابوونەوە، شەڕیشییان لەگەڵ ئەوان هەبوو، لەوکاتەشدا حیزبی شیوعی دەیویست ئەو لایەنانەش بێنە ناو ئەو بەرەیە و یەکێتیش رازی نەدەبوو، بۆیە حیزبی شیوعی دامەزرێنەرێکی کارای بەرەی جوود بوو. دواجار بەرەی "جوقد" شکستی هێنا. چونکە حیزبی شیوعی نەیدەویست دەستبەرداری پارتی ببێت، لە هەمانکاتدا حیزبی شیوعی لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە لەگەڵ یەکێتی نەدەگونجا، کە لە جیاتی ئەوەی

ئـەوان پێکـەوە بـەرەیـەکی چـەپ دروسـت بکـەن، بـەڵام یـەکتریيان رەتـدەکردەوە. هۆکـاری ئـەمـەش ئـەمە بوو حیزبی شیوعی لـە رووی ئایدیۆلۆژییـەوە کیشـەی هـەبوو لـەگـەڵ یـەکێتی دا، کـە یـەکێتیان بـە دژە مارکسیزم –لینینزم دەناسـی، هاوکـاتیش یـەکێتی، بـە تایبـەتی کۆمەڵـەی رەنجـدەرانی کوردسـتان، خۆیـان بـە مارکسـی راسـتەقینە دەزانیـی و حیزبـی شیوعیشیان بە لادەر لە قەڵەم دەدا. بۆیە پاشخانی ئەو شەڕەی حیزبی شیوعی و یەکێتی لـەوە ئـاڵۆزترە کـە لـە چەنـد شـەڕی سـەربازیی وەک پشتئاشـان کورتبکرێتـەوە، بـەڵکوو پاشـاخان و هـۆکردێکی ئـایدیۆلۆژیی و مێـژووی هـەبوو. هـەروەک پەیوەنـدی درێژخایـەنی بەشێکی زۆری سەکردایەتی حیزبی شیوعی، لەوانە ئەبو حیکمەت، عـەزیز محمـەد، مـلازم خدر و ... تاد، تێکەڵاویکی مێژوویان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی هەبوو.

بـەڵام لـەوەش زیـاتر، حیزبـی شیوعی هـەمیشـە قوربـانی وابـەستەیی بـوو. لـە پـەنجاکانی سـەدەی رابـردوو حیزبـی شـیوێ دەیتـوانی بـە ملیـۆن جـەماوەر بهێنێتـە سـەر شـەقام و دەسـەڵات وەربگرێت، بـەڵام پاشکۆیی والێکرد ئـەو ویستە پراکتیزە نـەکات. هـەروەک لـە حەفتاکان حیزبی شیوعی جەماوەر و توانای زۆر لـە حیزبی بـەعس گـەورەتر و توانـادارتر بوو، کەچی دواجار بوو بە پەیژەی حیزبی بەعس. ئاکامی ئەمەش لێدانی حیزبی شیوعی بـوو لـە لایـەن بەعسـەوە. لـە هەشتاکانیش بەهـەمان شێوە، حیزبـی شیوعی لـە دەڤـەری سۆران زۆر لە پارتی و حیزبەکانی تر بەهێزتر بوو، کەچی خۆی کردە قوربانی پارتی...

بەهەمەحاڵ، کاتێکیش شیوعی بـەرەی جوودی دروست کرد، یـەکێك لـە مەرجـەکانی ئـەو بـەرەیـە ئـەوەبوو، هـەموو هێـزە سیاسییەکان لـە گۆڕەپـانی کوردسـتاندا ئامـادەبن، . وەک پیشـتر وتـم، لـە مـانگی 11ی 1981 هاتینـە پشتئاشـان، پـارتیش مەفرەزەیـەکی 10 تـا 15 کەسی هێنایە خوارێ، من ئەوکات لای حیزبی شیوعی بووم لە پشتئاشان بـووم. ، ئـەوکات نەوشیروان بە حیزبی شیوعی گوت، ئێمە دەزانین ئێوە پارتیتان لەگەڵـە، من خـۆم لـەوێ راوەسـتابووم کـە وای وت، ئـەو بـەرپرسـە عـەسکـەرییـەی حیزبـی شـیوعیش قسـەی لـەگـەڵ نـەوشیروان کرد، خوشکەزای من بوو و دوایی کوژرا نـاوی سالم بـوو، نـەوشیروان وتـی، ئێوە وەك حیزبـی شـیوعی دوای ئێمـە تاوانبـار مەکـەن، چونکـە ئێمـە قـەبوڵ ناکـەین و بـە خیانـەتی دەزانین پارتی بێتەوە ناو کوردستان، چونکـە ئـەوانـە خـۆ فرۆشن و ئاشبـەتاڵیان کردووە... کەچی بەرپرسەکانی حیزبی شیوعی، ئینکارییـان دەکـرد پارتییـان لـەگـەڵ بێـت، دوای ئـەوەی نیـو سـەعات موناقەشـەیان کـرد، نـەوشیروان وتـی باشـە، بـەڵام ئێوە دوای خۆتان بەرپرسیارن لە هەر شەڕێک کە رووبدات.

شیوعی لـەسـەر پارتی لـەو نێوەنـدەدا خـەریکی گەمـە کردن بـوو، پارتی دەهێنا خـوارێ، رێکەوتنی لەگەڵ دەکردن و جار جار شـەڕی راگەیانـدنی لـەگـەڵ یـەکێتی دەکـرد و بـەرەی جـودی قـوڵتر دەکـردەوە، یـەکێتیش رقـی لـە حیزبـی شـیوعی هـەڵگرت، چونکـە دوای شکسـتهێنـانی بـەرەی جوقـد، یـەکێتی هـەموو ئـەو کێشـانەی بـە دەسـتی شیوعی دەزانـی، چونکـە شیوعی بـەرەی جوودی بۆ لاوازکردنـی یـەکێتی بـوو، بۆیـە سـەرتاپای شـەڕەکانی دوایش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشە سیاسییانە.

**رێبوار: بەرپرسێکی یەکێتی، کە بەشدار بووە لەو شەڕە، دەڵێت من پرسیارێکم هەیە لە شیوعییەکان، ئایا ئەگەر نەوشیروان ئەو دڕندەیەیە کە ئەوان باسی دەکەن، بۆ سەرکردە شیوعییەکانی نەکوشت لەو شەڕەدا، لە کاتێکدا ئەوان بەشێکیان بە دیل گیرابوون؟**

هەنـدرێن:خـۆت دەزانیـت شـەڕی ئـەوکات شـەڕی پێشـمـەرگە و هێـزی چـەک بـوو، ئـەو شـەڕانـەش وەك شـەڕی وەحشـی وابـوون، چونکـە هـەموو شـەڕەکان بـۆ پێکـانی ئامانجێك

بوون، ئەویش گرتنی بەرەگا و لووتکەکان بوون. یەکێتی خاوەن هێزێکی چەکداری بەهێز بوو و سەرسەختانە بڕوای بە لەناوبردنی حیزبی شیوعی و پارتی و هێزەکانی تر بوو، هەروەک ڕەنگە پارتی بە تایبەتیی و شیوعی و سۆسیالیستیش بە گشتی، بڕوایان بە لاوازکردنی یەکێتی هەبووە، بەڵام ئەوکات ئەو هێزەیان لە سۆران نەبوو.
بۆیە یەکێتی، بە سەرۆکایەتی سەربازیی نەوشێروان لە پشتئاشاندا ئامانجی خۆیان پێکا. ئاشکرایە لە شەڕی پشتئاشاندا کەریم حەمەد و ئەبوو سەرباز گیراوون بە دیلی، ئیتر یەکێتی ئەو ئامانجەی هەیبوو پێکای، خۆ یەکێتی ناچێت ئەوانە بکوژێت، بەڵام کاتێك ئەوانەیان گرتبوو و بردبوونیانە لای نەوشیروان گاڵتەی بە پشمەرگەکان کردبوو کە بۆ دیلی بۆ دێنن، ئەوانەی لەوێ بوونە ئەو باسانەیان ورووژاندووە، ئەگینا ئێمە بەڵگە و ئەرشیفمان نییە.
بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، ئامانجی سەرەکی یەکێتی، گرتنی پشتئاشان بوو، دوایی مام جەلال زانیبووی ئەوانە دیلکراون، ئیتر نەیانکوشتن چونکە هەتا ئەوکاتەش مام جەلال کەریم ئەحمەدی بە مامۆستای خۆی دەزانی، بەڵام یەکێك لەو شتانەی حیزبی شیوعی دوایی لێپرسینەوەی لەسەر کرد لەگەڵ کەریم ئەحمەد و لە ناو شیوعیش پێگەی لاواز کرد، ئەو ڕێکەوتنە ئاشتییە بوو کە لە کاتی دیلی لەگەڵ نەشیروان کردی، دەکرێت ئەوە بەڵگەیەك بێت بۆ نەکوشتنی کەریم ئەحمەد، چونکە ئەو ڕێککەوتنەی کەریم ئەحمەد و نەوشیروان لە ژێر فشاردا بووە و نەوشیروان ویستی بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەوە، حیزبی شیوعی تاوانبار بکات، دواتر بووە هۆی کێشەی گەورە، لە کاتی لێپرسینەوەشدا، کەریم ئەحمەد رەخنەی لە خۆی گرت، بەڵام لە خاڵێکدا توانی بەرگری لە خۆی بکات، وتی من دەمزانی یەکێتی چەند بە رقن لە بەرانبەر مەڵبەندی هەولێری حیزبی شیوعی و دەیزانی دوای پشتئاشان بە نیازن هەموو هێزەکانیان ببەن بۆ بالیسان و مەڵبەندی هەولێری حیزبی شیوعی لەناو ببەن. کەریم ئەحمەد دەیزانی کە یەکێتی لە کاتی گرتنی پشتئاشانیشدا چەند بە کوێرانە لێیاندراین، ویستم ئەو مەفرەزەیەی کە لە بالیسان ئابلۆقە درابوون، قوتار ببن و نەکوژرێن، چونکە دەمزانی ئەوان بەو هێزە گەورەوە دەچنە سەرییان و دەیانکوشتن، بەڵام ڕێکەوتنەکە بۆ یەکێتی زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی خۆیان دەیانزانی چ تاوانێکیان کردووە. بەمەش دەیانویست ئەو تاوانە کاڵبکاتەوە.
ڕێبوار:ئێستا تۆ چ خوێندنەوەیەکت هەیە بۆ ئەو ڕۆژگارە، چونکە خۆشت پێشمەرگە بوویت و بەشدار بوویت لەو ڕووداوانەدا، پێتوایە ئەوە چ ڕۆژگارێك بووە کە هەموو ئەو لایەنانە تاوانیان لە بەرانبەر یەکدا دەکرد، کەچی هەمووشیان دروشمی شۆڕگێرشییان هەڵگرتبوو؟
هەندرێن:من لە زۆر شوێن سەرنجی خۆم لەسەر ئەو ڕۆژگارە و کێشەکانی پێشمەرگایەتی نیشانداوە. بەڵام بە گشتی بزاڤی سیاسی ڕزگاریخوازی هەشتاکان کە شێوازی شەڕی چەکداریی کاکڵەی مێنتالی ئەو حیزبانە بوو، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندەوە هەیە کە لەو دیدارەدا ئاسان نییە.
بەڵام ئەگەر لێرەشدا کرۆکی کۆی ئەو بزووتنەوە چەکدارییانەت پێبڵێم، بە کورتی، وێڕای دەستپێوەگرتنم بۆ ڕەهەندە جوامێرییەکانی ئەو یادەوەرییە، دەڵێم: ئەو بزاڤە وەک کۆهێزێک ئەوەندەی بە بزووتنەوەیەکی چەتەگەریی دەچوون، هێندە بە بزاڤێکی شۆڕگێڕ، خاوەن گوتارێکی ئاشتیخواز و ڕزگاریخواز نەدەچوون. ڕاستە ئەو بزاڤە هۆکار و پاڵنەرەکەی چەوساندنەوەی کورد و ڕەفتاری فاشیانەی حیزبی بەعس بوو بەرانبەر

کورد و حیزبەکانی تری عێراقدا، وەلێ بڕوا بکە، ئەوەندەی هێز و توانای پێشمەرگایەتی ئەو حیزبانە، بۆ لە ناو بردنی یەکتر و گرتنی ئەو لووتکە و ئەو بارەگایانەی یەکتر بە هەدەر بردرا ، ئەوەندە لە پێناو کێشەی کورد و هێزەکانی رژێمی بەعس بەکارییان نەهێنرا، چونکە خۆم لە ناو کۆی ئەو ململانێیانەدا بووم کە لەو قۆناغەدا لە ئارادا بوون.

کۆی ئەو حیزبانە و ئەو بزاڤەی کە خۆی لە ژێر دروشمی روخاندنی رژێم و دامەزراندنی حکومەتێکی دیمۆکراتی نمایشدەکرد، کەچی لە تەواوی هەشتاکان کە خاکێکی فرەوانی کوردستان لە زاخۆوە تا دەڤەری گەرمیان، و بە چەندین هەزار گوندی ئازادکراو لە ژێر دەستی پیشمەرگە بوون یان رژێم بە هۆی شەڕی لەگەڵ ئێراندا دەسەڵاتی بەسەر نەمابوون، بەڵام ئەو حیزبانە، وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ دوای روخانی رژێمی بەعس، لە هاوپەیمانییەکی تۆکمەدا لە جیاتی ئەوەی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو گوندانە و زەمینەخۆشکردن بۆ هونەری حکومکردن و بەڕێوەبەرایەتییەکی کارا و دێمۆکراتی بنەمایەک بۆ جۆرە سیستەمێکی سیاسیی و سەربازیی لەو ناوچە ئازادکراوانە بسازێنێت، بۆ نموونە وەک ئەوەی ئێستا کە (پکک ) لە "هەرێمی میدیایێ" دا پەیڕەوی دەکا، کەچی ئەو حیزبانە خەریکی سەنگەر لێکگرتن و گرتنی ترساندن و لێدانی خەڵکی ئەو گوند و دەڤەرانە بوون کە بەشێکی خەڵکەکەی یان چەند کەسێکی لایەنگر و هاوسۆزی حیزبە نەیارەکانیان بوون. هەروەک ئەو حیزبانە لە جیاتی ئەوە دەست بە دار و درەخت و بونیاتی کشتوکاڵی ئەو دەڤەرە جوتیارنشینانەوە بگرن و وەک سەرچاوەیەکی ژیان بۆ ئەوکات و داهاتووی کوردستان گەشەی پێبدەن، کەچی چەتەگەرانە لە هەر شوێنێک بارەگایان دەکردەوە، دار و درەختی ئەو دەڤەرەیان بنەبڕ دەکرد و رەز و باغی دێهاتییەکانیان تاڵاندەکرد. لەوەش زیاتر بە رەفتاری ملیشیاییانەوە خەڵکی ئەو گوندانەیان ناچار دەکرد ماڵەکانیان بەجێبهێڵن و خۆیان رادەستی رژێم بکەنەوە. لەوەش گەڕێین، کە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبانە چۆن کەڵەگاییان بەسەر کیژ و ژنانی ئەو گوندنشینانە دەکرد و بە زۆری کاری سێکسیان لەگەڵ دەکردن. بۆ نموونە لە کاتی شەڕی یەکتردا زۆر جار خەڵکی گوندەکان بە نابەدڵی میوانداریی پیشمەرگەیان دەکرد یان ناڕەزاییان نیشاندەدا، کەچی پیشمەرگە لە جیاتی شەرم لە خۆکردن و بیرکردنەوە سووکایەتیان پێدەکردن. من خۆم بە چاوی خۆم ئەو رەفتارانە دیوە یان لە خودی گوندنشینەکانەوە ئەو رووداوانەم بیستووە کە میوانیان دەبووم.

بە کورتی دەمەوێ بێژم، وەک چۆن ئەو حیزبانە 18 ساڵە بێ قانوون و نادادپەروەرانە، ملییشا ئاسا کوردستان بەڕێوە دەبەن، وەک چۆن لە 90ەکان دار بەرد و ژێرخانی کوردستانیان تەڵانکرد و بە ئێران و تورکیان فرۆشت، لە شاخیشدا بە هەمان شێوە بوو. بۆیە راستییەکەی ئەو تەنگژەی کە 18 ساڵە لە کوردستاندا قووڵدەبێتەوە بەردەوامیی و بەرهەمێکی ئەو ئەقڵییەتە چەکدارییەی شاخە. ئەوەتا تا ئێستاش کۆی ئەو حیزبانە توانای بەڕێوەبردنی حکومەتێکی هاوسەردەمیان نییە. بەهەمەحاڵ، ئەو هەویرە شێلانی زۆر دەوێت.

ئاکامی ئەو عەقڵ و رەفتارە چەتەگەریی و پاشکۆییەی ئەو حیزبانە بە هێزە بێگانەکان لە کاتی ئەنفالەکاندا زیاتر بە دەرکەوت، ئەو حیزبانە چاوەڕێی قەزا و قەدەری شەڕی ئێران –عێراق بوون، کە رژێم بڕوخێنێت و ئەوانیش ببنە دەسەڵاتدار. بەڵام ئەوکات هیچی لەو حیزبانە پلانێکی نەبوو بۆ چۆنییەتی حکومکردن و گوتارێکی نیشتمانی، هەر

بۆیە وەک بینیمان، لە دوای راپەڕین چۆن ئەو شەڕەی شاخیان گواستەوە بۆ ناو شارەکان و بونیاتی کۆمەڵگەی کوردیان تالانکرد. راستییەکەی ئەو خەباتە، بە ڕێزگرتن لەو هەموو پێشمەرگە و کادیرە سادانەی کە لە کۆی حیزبەکاندا لە پێناو خەونی کورد و ئازادییدا شەهید بوون و ئەوانەیش کە بە روحێکی شۆڕگێڕگێڕییەوە لە پاڵ ئەو حیزبانەوە تێدەکۆشین، ئەگیان سەرکردایەتی ئەو حیزبانە بێجگە لە ئەجێندای حیزبی و خۆ فەرز کردن بەسەر یەکتری، مشخۆریی، وێرانکردنی دێهاتەکان بە شەڕی یەکتر و گومرگ و رووتاندنەوەی دێهاتەکان و ... هەڵگری هیچ خەمێکی تر نەبوون. بۆیە بە رای من، ئەوکات و ئێستاش سەرکردایەتی بڕیاردەری ئەو حیزبانە دوورن لە هەموو ئێتیک و پرینسیپێکی نیشتمانی؛ ئەو سەرکردانە ئامادەن بۆ خەونی دەسەلاتی ئەبەدیی خۆیان، کورد وێران بکەن.

ئەگەر ئەو بزاڤەی کورد لەو رۆژگارەدا خاوەن گوتاری شۆڕشێکی سەربەخۆی شۆڕگێڕیی بووان دەیانتوانی دەسکەوتی نەتەوەیی زۆر بە دەست بهێنن، بێ ئەوەی دێهات و ژیانی کورد تووشی ئەو هەموو ماڵوێرانیی و ئەنفالکردنە بێت.

بۆ نموونە، ئێمە لە هەولێر هەموو ئێوارەیەك دەهاتینە کونە گورگ و دارەتوو کە لە پاڵ هەولێرن، ئەو دەڤەرەش لە رووی جیوگرافییەوە، کە دەشتاییە بەرهەسترین و سەخترین شوێن بوو، نانمان دەخوارد و نیوەشەوان و بەیانیان دەگەڕاینەوە رۆژهەلاتی کۆیێ. بۆیە ئەگەر هەموو هێزی کورد بەرانبەر حکومەت بەکار بهاتایە، هەموو ئێوارەیەك دەتواندرا دەست بەسەر نیوەی هەولێردا بگیردرێت. کەواتە راستییەکەی ئەو حیزبانە هەڵگری گوتارێکی شۆڕشگێڕی نەبوون، بەڵکوو تەنها هێزگەلێکی فاشیل و چەتەگەری بوون. راستە لە دەڤەری سۆراندا یەکێتی، سۆسیالیست و شیوعی هێزیان هەبوو، کەچی لە بری سێ هێزە، کە گوایە چەپڕۆن، هەوڵیاندابا وەک بەرەیەکی چەپیان دروستکردبا، کەچی بە پیچەوانە بوو. شیوعی بە هۆی بەرژەوەندی سیاسیی خۆیەوە لە پێناو هێنانەوەی پارتی بۆ کوردستان و ئەجێندای حیزبایەتیی و ئایدیۆلۆژییەوە کەوتە ململانێیەک لەگەڵ یەکێتی، کە لە توانای ئەو نەبوو سەربکەوێت. بۆیە دەبوو لەگەڵ یەکێتی رێککەوتنێک بکات کە لەوێدا ئامانجی نیشتمانیی و رووخاندنی رژێمی بەعس ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنە بێت. بەلام کێشەی سەرەکی یەکێتی ئەوەبوو، خۆی بە کەڵەگای خەبات و کوردستان و میراتگری کوردایەتی دەزانی، هەر ئەمەش بوو دواجار یەکێتی گەیاندە ئەو ئاکامە بەزەییهێنەرە کە ئێستا پێیەوە دەتلێتەوە.

**ڕێبوار: بەرپرسێکی یەکێتی، دەڵێت ئەوکات پارتی لە کوردستان دەرکرابوو، دەیویست دەست بەسەر ساحەی کوردستاندا بگرێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو قسەیەی بەرێزتە؟**

هەندرێن: تەماشای ئەو عەقڵیەتە سەقەتە بکە، کە یەکێکە لە گرفتەکانی کێشەی کورد. ئەو عەقڵە ئێستاش کورد ئاراستەرە دەکات. هەر بۆیە کەسێك خۆی خولیای داگیر کردن و موئامەرە و کەمین دانان و کوشتنی ئەوی تر بێت، دێت هەمان وێنای خۆی بۆ ئەوەی بەرانبەر دەکێشێت. راستییەکەی حیزبی کوردیی وەک وێنەی نەریتێکی رۆژهەلاتیی لەسەر سڕینەوەی بەرانبەر سازبووە، کە ئەمەش ئاوێتەیەکە لە فاشیزمی خێڵ. راستە پارتی لەو کاتەدا رەنگە بەهۆی کێشەی کۆن و عەشائیری و ئەو شەڕانەی دواتر لە نێوانیاندا روویدا، یەکێتی بە نەیارێکی سەرەکی خۆی زانیبێت، بەلام لەوکاتەدا پارتی

له دەڤەری سۆراندا ئەو هێز و توانایەی نەبوو، کە لە رووی کرداریی‌ەوە یەکێتی نەک هەر لەناو ببات، بەڵکوو نەیدەتوانی شەڕیشی لەگەڵدا بکات، یەکێتیش ئەوەی دەزانی. بەڵام یەکێتی لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، رێکخستنەکانیان بەتایبەت کۆمەڵەی رەنجدەران کە من ئەو کات لەگەڵییان بووم، وەک دژی رژێم بوون ، بە هەمان شێوەش دژایەتی پارتی و بنەماڵەی بارزانییان دەکرد. رێکەوتنی 1983ی یەکێتی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لەسەر ئەو کەیسە دروست بوو؛ واتا؛ لەناوبردنی حیزبەکانی تر مەرجێکی رژێمی بەعس بوو لەو رێککەوتنەدا. چونکە یەکێتی خۆی بە خاوەنی کێشەی کوردی دەزانی، کە ئەوکات راستە قوربانیی زۆریان دابوو، هەموو هێزێکیان بەکار دەهێنا لە دژی پێشمەرگەی بەرەی جوود شەڕ بکات. چونکە یەکێتی وەعدی بە حکومەتی عێراق دابوو، نەهێڵێت حیزبەکانی تر بێنەوە کوردستان.

لە پاڵ ئەوەشدا، بە هۆی ئەزموونی خۆمەوە کە ماوەیەک لە بادینان پێشمەرگە بووم، پارتی لە دەڤەری بادینان وەک یەکێتیی لە دەڤەری سۆراندا، هەمان رەفتار بەڵکوو زۆر کۆنەپەرستانتری دەکرد لە بەرانبەر حیزبی شیوعیدا کە گوایە هاوپەیمان و دڵسۆزی پارتیش بوو. پارتیش لە رێگەی پێکهاتی جڤاکیی و مێژووی خۆی لە بادیناندا ئەوکات و ئێستاش وەک خێڵ خەڵکی دەڤەری بادینان بە موڵکی خۆی دەزانێت و زۆر بە کەڵەگاییش دەستی بە مانەوەی ئەو هەرارکییە خێڵەکییەی ئەو دەڤەرەوە گرتووە، تاکوو تا ئەبەد لە خزمەتی ئەقڵێ خێڵەکییانەی خۆیەوە بێت.

بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەعس چەند سیخورێکی خۆی دەنێرێتە "بەری گارا" کە بە هۆی بوونی خزمەکانیان لەو دەڤەرەدا چەند بەرپرسی سەربازیی لقی 5ی حیزبی شیوعی بکوژن، لەوانە دکتۆر وەلید کە پیاوێکی خورت و ئازا بوو. هەروەک ئەو پیشمەرگانەی لقی 5ی شیوعی پیاوی ئازای ئەو دەڤەرە بوون و زۆر لە هێزی بادینانی پارتی زیاتر گورزیان لە رژێمی بەعس دەوەشاند، بۆ نموونە چەندان جار لەناو جەرگەی ئامێدی دا چاڵاکی جوامێرانەی سەربازییان ئەنجام دەدا کە پارتی نەک هەر نەیدەتوانی بیکات، بەڵکوو لە ئیرەیی ئەو چاڵاکییانەدا تەشقەڵەی بەو پێشمەرگانەی شیوعی دەکرد. کاتێک پیشمەرگەکانی ئەو لقە بەوە دەزانن و ئەو کەسانە دەگرن و دەکوژن، کەچی پارتی لەو دەڤەرەدا چەکدارەکانی خۆی و خەڵکی گوندەکانی بەری گارای هاندا دژایەتی لقی 5 ی حیزبی شیوعی بکەن. جارێکیان من لەگەڵ مەفرەزەیەک بە دەڤەرەدا تێدەپەڕین، کە بەفرێکی زۆر دەباری. کاتێک ویستمان لە گوندێک نان بخۆین، بە هۆی کوشتنی ئەو سیخوڕانەوە کە خزمایەتیان هەبوو و هەمووشیان سەر پارتی بوون، ئامادە نەبوون نانمان بدەنێ و هەڕەشەیان لە ئێمە دەکرد. دواجار ئێمە بێدەنگمان کردن. بە کورتی پارتی لەو دەڤەرەدا وەک یەکێتی لە دەڤەری سۆراندا، خۆی بە کەڵەگا و خاوەن کوردایەتی دەزانیی و هەمیشە تەشقەڵەیان بەو مەفرەزانەی حیزبی شیوعی دەکرد کە دەیانزانی ئازا و چاڵاکن، بۆ نموونە لقی 5.

کاتێک دوای دروستبوونی بەرەی کوردستانی، لە کۆتایی هەشتاکان لە نێوان کۆی هێزەکان دامەزرا، مەفرەزەیەکی یەکێتی هاتە بادینان، وەک میوان وابوون.

مەبەستم ئەوەیە، راستە ئەو کات و ئێستاش پارتی و یەکێتی بەتایبەتیی و کۆی حیزبەکانی تریش بە گشتی هەڵگری خولیای خۆ سەپاندن و لەناوبردنی حیزبەکانی ترن. ئەمەش بەشێکە لەو عەقڵە سەقەت و عەسکەرتارییەی کە لەو دەڤەرەی رۆژهەڵاتدا بە هەڕمێنە.

تێبینی: ئەم دیدارە بە چوار بەش لە گۆڤاری "سڤیل" لە کۆتایی ئۆکتۆبەر و سەرەتای نۆڤێمبەردا بڵاوکراوەتەوە.

.....................................................................................



## هەندرێن لە چەند دێڕێکدا:

هەندرێن لە رۆژهەڵاتی کۆیێ 1983.

هەندرێن لە ساڵی 1963 لە دەڤەری هەولێردا لە دایك بووە. لە کۆتایی 1979 لە ناو شار پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەران کردووە لە ساڵی 1981 بە هۆی ئاشکرابوونی لە لایەن رژێمی بەعسەوە دەبێتە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی. پاشان یەکێتی داوای لێدەکا بە نهێنی بچێتە ناو لەشەکری ئیسلامی، بۆیە لە جیاتی ئەو کارە دەچێتە ناو رێزی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی. تا کۆتایی ئەنفالەکان پێشمەرگایەتی کردووە. پاشان لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە بە پیادە بەرەو تورکیا و ئێران و روسیا دەڕوات. لە سەرەتای 1991 ە وەلە سوێد دەژیت.

لە سوێد ئامادەیی و پلەی ماجستەر لە- Ideehistoria The history of Ideas )مێژووی هزر)، فەلسەفەی تا پلەی بەکەلۆریۆس و تیۆری پەروەردە بۆ ئامادەکردنی دەرس گوتنەوە» لە زانکۆی سۆدەر تۆرن لە ستۆکهۆڵم خوێندووە. لە پاڵ ئەوەشدا مێژوو، رەوانبێژی، مۆدێرنیزم/پۆستمۆدێرنیزم، گەشەی زمانی منداڵ و مۆدێلەکانی کۆمەڵگای رەفاهیم خوێندووە. لە سوێد چەندان وتار و دیدار و و شیعری لە گۆڤار و رادیۆ تیڤیی سوێدیی بڵاوکردۆتەوە و کتێبێکی شیعریی بەناوی "سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور" بە سوێدیی بڵاوکردۆتەوە .

**بەرهەمە چاپکراوەکان:**

1- لە سێبەری کێوەکان ونت دەکەم، لە پێدەشتێك دەتبینمەوە- شیعر، ساڵی 1986، لە بڵاوکراوەکانی پێشمەرگە.

2- دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ – شیعر، ساڵی 1993 ، سوێد.

3- سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور – شیعر، ساڵی 1996 سوێد

4- -نامەکانی مەرگ و نامەکانی روانینوانێك – ئامادەکردن و ورگێڕانی کۆمەڵی نامەی شاعیری فەرەنسی: ئارتۆر رایمبۆ، ساڵی 1997، سوێد.

5-گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا، رامان و یادداشت، 2006.

6=فەلسەفەی کۆچەری، وەرگێڕان،2005 ، بڵاوکراوەی نما .

7-سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور، کراوەتە بە سوێدی و ساڵی 2004 چاپخانەی Tranan بڵاویکردۆتەوە

8- مەهاباد لە ئۆلۆپیادەکانی خوادا، وەرگێڕانی کۆمەلە شیعرو جاوپێکەوتنی سەلیم بەرەکاتە، ساڵی 2004 لە سلێمانی، چاپخانەی سەردەم بڵاویکردۆتەوە.

9- مارگەرێتە دۆراس، «گشتی ئەمەیە»، وەرگێڕان.

10-خامەیەکی رۆشنبیریی لە پشتگوێی زماندا، کۆوتار، 2007

11- وەرچەرخان لە بیرکردنەوە؛ دابڕان لە ستەمگەریی، کتتێبێکی لێکۆڵینەوەیە، 2008.

12-زایاڵەی دەق؛ شەبەنگی بوون، کتێبێکی رەخنەی ئەدەبییە، 2008.

13- تەوتەمی شوێنەکان؛ تەمیانی باڵەکان، کۆشیعر، 2009 .

14- پێڕگەرایی رەخنەگر :ئەفراندنی گەندەڵی، وتاری رەخنەیی لە ژێر چاپە.

15- مەسعود محەمەد؛ ئێستێتیکای شێوازی هزرینێکی خۆکرد، بۆ چاپکردن ئامادەیە.

16- وێڕای دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی هزریی و رەخنەیی و ئەدەبی و وەرگێڕان کە لە گۆڤار و رۆژنامە جیاکاندا.